https://www.doi.org/10.31918/twejer.1812.2

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# بەبەرهەمیی پرۆسەی لێکدان لەزمانی کوردیدا

د. دلێر سادق کانەبی
زانکۆی سۆران- فاکەڵتیی ئاداب
Diler.kaneby@soran.edu.iq

سامی حوسێن قادر
پەروەردەی شەقڵاوە

**پوختە**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕادەی بەبەرهەمی پرۆسەی لێکدان لەزمانی کوردیدا لێیکۆڵراوەتەوە و ڕادەی بەبەرهەمییان دەستنیشان کراوە. سەرەڕای گرنگیی پرۆسەی لێکدان بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، لەسەرچاوە کوردیەکاندا باسی بەبەرهەمی لە پرۆسەی لێکداندا نەکراوە. لە لێکۆڵینەوەکەدا پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی کراوە و بۆ ئامارەکەش بەرنامەی (مایکرۆسۆفت ئەکسل) پشتی پێبەستراوە، بۆ پۆلێنکردنی جۆرەکانی وشەی لێکدراویش بۆچوونی (بیستۆ و سکالیس) لەبەرچاوگیراوە.

لێکۆڵینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەمی تایبەتکراوە بە بەبەرهەمی لە وشەی لێکدراودا و بەشی دووەمیش پەیوەستە بە پێکهاتەی وشە لێکدراوەکان لە ڕوانگەی بیستۆ و سکالیسەوە و لەبەشی سێیەمیشدا بەپێی داتای بەردەست بەبەرهەمیی هەریەکە لە جۆرەکانی وشەی لێکدراو و یاساکانی بەرهەمهێنانیان خراونەتەڕوو.

**وشە کلیلییەکان**: بەبەرهەمی، چەقناوەکی، چەقدەرەکی، شوێنکەوتەیی، دیارخەری، هاوتا.

# بەبەرهەمیی پرۆسەی لێکدان لەزمانی کوردیدا

## پێشەکی

پرۆسـەی لێکدان وەک پرۆسـەیەکی وشـەڕۆنان لە مۆرفۆلۆژیدا یەکـێکە لە پرۆسـە گرنگەکـانی وشـەڕۆنان و بەبەرهەمـی تیایـدا لە زۆربەی پرۆسـەکانی دیـکە زیـاترە، لەم لێکـۆڵینەوەیەدا بەبەرهەمـی یاسـاکانی پرۆسـەی لێکـدان تیشـکیان خـراوەتە سـەر. لە وشـە لێکـدراوەکان و ڕادەیـی بەبەرهەمییـان کـۆڵراوەتەوە لە زمـانی کوردی(زاری کوردی ناوەڕاست)دا.

لە سـەرچاوە زمانەوانییەکـانی زمـانی کوردیـدا لەگەڵ ئەوەی باسـی پرۆسـەی لێکـدان و وشـەی لێکـدراو کـراوە، بەڵام باسـی بەبەرهەمی لە پرۆسەی لێکداندا نەکراوە، ئەگەرچی پرۆسـەی لێکدان لـە پـاڵ داڕشـتندا یەکـێکە لە گرنگتـرین پرۆسـەکانی وشـەڕۆنان، ژمارەیەکی زۆر وشە لە زمانی کوردیدا بەم پرۆسـەیە دروستبوون و سـەرچاوەی سـەرەکی دەوڵەمەنـدکردنی فەرهەنگـی زمـان و پڕکـردنەوەی پێداویسـتییەکانی قسـەپێکەرانە، ئەمەش هۆکـاری هەڵبژاردنی بابەتەکەیە و بۆ ئەوەی ببێتە هەنگاوێک بۆ لێکۆڵینەوە لە بەبەرهەمـی لە سـەرجەم پرۆسـەکانی دیـکەی وشـەڕۆناندا چ لەنـاو خودی پرۆسەکان یان لەسەر ئاستی کۆی پرۆسـەکاندا. کەرەستە و داتاکـانی ئەم لێکـۆڵینەوەیە بـریتین لە وشـە لێکـدراوەکانی نێـو (فەرهەنگـی خـاڵ) کە فەرهەنگێکـی کـوردی–_ کـوردییە و وەک سەرچاوەی سەرەکی وەرگیراوە، وەکو سەرچاوەیەکی تەواوکەریش داتـا لەو لێکـۆڵینەوە زمانەوانییـانەی کە باسـی وشـەی لێکـدراویان

کردووە، وەکو سەرچاوەیەکی پاڵپشت و تەواوکەر بۆ ئەو فەرهەنگە سوودیان لێوەرگیراوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی و ئاماری بۆ دەرخستنی بەبەرهەمیی جۆر و یاساکانی ڕۆنانی وشەی لێکدراو پەیڕەوکـراوە لە ڕووی ئامـارەوە پشـت بە بەرنـامەی (ئەکسـل) بەستراوە، لەڕووی تیۆریشەوە بۆ پۆلێنکردنی جۆرەکانی وشەی لێکدراو پشت بە پۆلێنەکەی (بیستۆ و سکالیس) بەستراوە. بوونی پێگەی فراوانی پرۆسەی لێکدان لە لێکۆڵینەوەکانی زماندا، لێکۆڵینەوە لە وشـــە لێکـــدراوەکان و دەوڵەمەنـــدی ئەم پرۆســـەیە و دەستنیشـاننەکردنی بەبەرهەمیـی پرۆسـەکە، گرفتـی لێکـۆڵینەوەکە بووە. لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و پوختە و لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆکان لە سێ بەش پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم:** بۆ " بەبەرهەمی لە وشەی لێکدراودا " تەرخان کـراوە، کە کۆمەڵێـک بـاس لەخـۆ دەگرێـت لەوانە ڕوونکـردنەوەی چەمـک و زاراوەی بەبەرهەمـی، بەبەرهەمـی لە مۆرفۆلۆژیـدا و بەبەرهەمـی لە پرۆسـەی لێکدانـدا. **بەشـی دووەم**: بـە ناونیشـانی "وشـەی لێکـدراو و جۆرەکـانی لە زمـانی کوردیـدا"یە، بـریتییە لە خستنەڕووی پێکهاتەی وشـە، پێناسـە و تایبەتمەندییەکانی وشـەی لێکدراو، جۆرەکانی وشەی لێکدراو لە ڕوانگەی زمانەوانە کورد و بیانییەکـانەوە، پـۆلینی وشـە لێکـدراوەکان لە ڕوانـگەی بیسـتۆ و سکالیس خراوەتەڕوو. **بەشی سێیەم**: بە ناونیشـانی "بەبەرهەمیی یاساکانی ڕۆنانی وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا"یە، تایبەتە بە توێژینەوە و خسـتنەڕووی جۆرەکـانی وشـەی لێکـدراو، یاسـاکانی وشەی لێکدراو بەپێی داتای بەردەست و دیاریکردنی بەبەرهەمیی

هەریەکە لە جۆرەکانی وشەی لێکدراو و یاساکانی بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراو، ئەمەش بریتییە لە کاری پراکتیکی لێکۆڵینەوەکە.

### ١- بەبەرهەمی لە وشەی لێکدراودا

### ١-١- چەمک و زاراوەی بەبەرهەمی

### ١-١-١- چەمکی بەبەرهەمی

بەبەرهەمی پەیوەستە بە گشت بوار و زانستە جیاوازەکانەوە، بەو واتایەی تەنیا بە زانستێک نەبەستراوەتەوە و سنوورێکی فراوانی هەیە، ئامانجی پرۆسەی بەرهەمهێنان و چالاکی لە هەر بوارێکدا، دەستکەوتنی سوود و بە دەستهێنانی بەرهەمی نوێیە، پاشان هەوڵدانە بۆ زیادکردنی دەستکەوت و ڕێژەی بەرهەمی بە دەستهاتوو، لێرەدا لەسەر بنەمای ڕێژەی ئەم بەرهەمانە دەتوانرێت بەشێوەیەکی پلەبەندی ڕادەی بەبەرهەمییان دیاریبکرێت. (سازان زاهیر سەعید: ٢٠٠٩: ٥). بۆ نموونە: لە بواری کشتوکاڵدا بەهۆی ئەوەی بەرهەمە دانەوێڵەییەکان پێداویستی ڕۆژانەی ژیانی مرۆڤن، بۆیە بەردەوام هەوڵدراوە داهێنان لەم بوارەدا بکرێت و ڕێژە و بەرهەمەکان زیادبکرێن بەتایبەتی (گەنم و جۆ،...) لەپاڵ ئەمانەشدا دەست بەبەرهەمهێنانی سەوزە و میوە کراوە، بەهۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و زیادبوونی داواکارییەکان بەرهەم و ڕێژەی جۆرەکانی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانیش زیادکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەم و توانای بەرهەمهێنانی جۆرەکانی کشتوکاڵ وەک یەک نین، لێرەدا پێدەچێت چەمکی بەبەرهەم و بەبەرهەمی لەم بوارە

سەرچاوەی گرتبێت و دواتر بۆ بوارەکانی تر گواسترابێتەوە وەک(نەوت، تەکنەلۆجیا، ...).

### ١-١-٢- زاراوەی بەبەرهەمی

دوای لێکۆڵینەوە لە بەرهەمی ڕێزماننووسانی سانسکریتی؛ زمانەوانان ئەوەمان بۆ ڕووندەکەنەوە، کە ئەوان بایەخیان بە چەمکی بەبەرهەمی داوە. زاراوەی بەبەرهەمی (productivity) بۆ یەکەمین جار لەلایەن (دیتس–Dietz) ١٨٣٨ بەکارهاتووە، (دیتس) بەبەرهەمی وەکو بەرانبەرێک بۆ (زیندووبوون) بەکارهێناوە، کەسانی دیکەی وەکو یەسپرسن(Jespersen) ١٩٤٢، دارمستەر(Darmester)، گریم(Grimm)، کایچوڤسکی(Karcevski)، لولوفس(Lulofs)، نایروپ( Nyrop)، پاوڵ (Paul)؛ بەبەرهەمییان بەهەمان چەمک بەکارهێناوە. (آزیتا عباسی: ١٣٨٤: ٩٥). گروپێکی دیکە لەوانەش پایک(Pike) ١٩٦٧، بەبەرهەمییان بە چەمکی (کارابوون) بەکارهێناوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە کەسانی دیکەی وەکو فلایشەر(Fleischer) ١٩٧٥ جیاوازی دەکەن لەنێوان ئەم دوو چەمکەدا.(Bauer:٢٠٠١:١٢).

### ١-٢- بەبەرهەمی لە زماندا

هەرچەندە بەبەرهەمی لە هەموو زانستەکاندا چەمکێکی هاوبەشی هەیە، بەڵام بۆ کارکردن لەسەری لە هەر بوارێکی تایبەتدا پێویستە واتاکەی بەپێی کەرەستەکانی ئەو بوارە شیبکرێتەوە، بۆیە لێکدانەوەی واتای بەبەرهەمی لە زمانەوانیدا؛ پێویستە بە کەرەستە و دانە زمانییەکانەوە تایبەتمەندبێت و بناسرێت. لێرەدا بەپێی بۆچوونی

زمانەوانـان هەوڵـدەدرێت چەمـکەکەی ڕوونبکـرێتەوە. بـۆ نمـوونە بەبەرهەمـی تـایبەت بە چـۆنییەتی ڕوونکـردنەوەی زمـانپژانی منـداڵ، لای چۆمسکی(Chomsky) بـایەخی خـۆی هەیە، منـداڵ هەر لە قۆنـاغە سـەرەتاییەکانی تەمەنیدا لە توانایدایە ئەو دەربـڕاوانە بەرهەمبهێنـێ، کە بە هیچ شـێوەیەک لەمەوپێش نەیبیستوون. (محەمەدی مەحـویی: ٢٠٠١: ٤٠). فاسـۆڵد (Fasold) دەڵێـت: بەبەرهەمـی "تایبەتمەنـدییەکی بنچینەیـی زمـانی مـرۆڤە، کە بەهـۆیەوە دەتوانرێـت ژمـارەیەکی بێسنوور مانـای نـوێ، بە لێکدانی ئەو فۆڕمـانەی لە زمـانەکەدا هەن، بەپێـی یاسـا و ڕێسـاکانی زمـانەکە بەدەسـت بهێنـرێن". (٥١٢ :Fasold:٢٠٠٦). کەواتە بەبەرهەمـی تایبەتمەنـدییەکی زمـانی مـرۆڤە و لە زمـانی گیـانەوەرانی دیـکەدا نیـیە، بە جۆرێـک مـرۆڤ بەهـۆی ئەو توانـا و سیسـتەمە زمـانییەی لە مێشـکیدا هەیە، دەتوانێـت کۆمەڵێـک کردەی لێکدانی دانەکانی زمـان لە ئاسـتە جیاوازەکانـدا ئەنجامبـدات و بەڕێژەی جیاواز فۆرمی نوێ بە واتای نوێوە بەرهەمبهێنێت.

بەشـێوەیەکی گشـتی زمـان لە سـەرجەم ئاسـتەکانیدا بەبەرهەمە، بۆیە "توانای بەرهەمهێنانی دەربڕاوە نوێکان بۆ نرخاندنی ڕژێمەکانی زمـان سـەنگی مەحەک نییە و ڕۆڵـی سـەرەکی نابینێت، نەگوتراوە و نایشگوترێت، ئەم زمانە چالاکترە لەو زمانە و لەبەرئەمەیە ئەو زمانە چاکترە لەو زمانە، چونکە هەموو زمانەکـان بەبەرهەمـن". (مـحەمەدی مەحـویی: ٢٠٠١: ٤٠). واتە بەپێـی پێویسـتی زمانەکـان بەبەرهەمـی لە هەموو ئاستەکاندا بەڕێژەی جیاواز دەبینرێت.

### ١-٢-١- بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیدا

گۆڕانکارییەکانی ژیان، بەردەوام وشەی نویێ دێنێتەکایەوە، ئەم هاتنەکایە یان لە ڕێگەی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی ناو زمانەکە خۆی دەبێت، یان بە خستنە پاڵیەک و لێکدانی مۆرفیمەکان یان بە وەرگرتنی وشە لە زمانانی دیکە دەبێت بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نویێ. لەوکاتەوە کە ڕێزماننووسانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان بایەخیان بە وشە دروستکردندا؛ یەکەمین جار لەلایەن لیز(Lees) ١٩٦٠ەوە بەبەرهەمی گۆڕا بۆ باسێکی گرنگ و لایەنی کەم لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووبوو کە زۆربەی زمانەوانانی بواری وشەسازی گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە پێویستە بۆ بەبەرهەمی تیۆرێکی وشەسازی بخرێتەڕوو. لەوکاتەوە تا ئێستاش کەسانی وەکو باین(Bayen ١٩٩٣، ١٩٩٤، ١٩٩٦، ١٩٩٧)، هێی (Hay ٢٠٠١، ٢٠٠٢، ٢٠٠٣)، پلاگ (Plag ١٩٩٩، ٢٠٠٠، ٢٠٠٢، ٢٠٠٣)، کاتامبا (Katamba ١٩٩٣)، دیشلو و ویلیامز (Williams & Disciullo ١٩٨٧)، باور (Bauer ١٩٨٣، ٢٠٠١)، بۆش(Bosch ٢٠٠١)، لە بواری بەبەرهەمی کاریان کردووە، بە پێچەوانەی ئەوانەش فاب (Fab) باوەڕی بە خستنەڕووی بەبەرهەمی لە بواری وشەسازیدا نییە. (آزیتا عباسی: ١٣٨٤: ٩٦). بەبەرهەمی "توانای زمانە مرۆییەکانە بۆ بەکارهێنانی هۆکاری سنووردار لە پێناو داهێنانی ژمارەیەکی دیارینەکراو و بێسنوور لە دەربڕاو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەبەرهەمی وەک ئەدگارێکی مۆرفۆلۆژییانە دانراوە". (نەرمین عومەر ئەحمەد: ٢٠١٠: ١٠). زمان بەگشتی لە هەموو ئاستەکانیدا بەبەرهەمە و لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا لە پلەیەکی بەرزدایە. فرۆمکین (Fromkin) سەبارەت بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیدا دەڵێت: "بەبەرهەمی ئاماژە بە هەموو ئەو یاسا

مۆرفۆلۆژییانە دەکات؛ کە دەتوانرێت بەشێوەیەکی سەربەست (ئازاد) بەسەر هەموو فۆرمەکان جێبەجێبکرێن، بە مەبەستی پێکهێنانی وشەی نوێ". (Fromkin:٥٧٦:٢٠١٤). یاسا مۆرفۆلۆژییەکان بەشێوەیەکی گشتی بەبەرهەمن، بەڵام هەموویان لە یەک ئاستی بەبەرهەمیدا نین؛ کە پرۆسەکانی (لێکدان، دارشتن، ئەکرۆنیم، ...) دەگرێتەوە.

**١-٢-١-١- بەبەرهەمی لە پرۆسەی لێکداندا**

لێکدان یەکێکە لە پرۆسە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی وشەی نوێ لە زماندا. بەشێوەیەکی گشتی کە زمانی کوردی لە زمانە لکاوە تێکچڕژاوەکانە؛ یەکێکە لەو زمانانەی ئەم پرۆسەیە تیایدا بەبەرهەمە و لە هەموو بەشە ئاخاوتنەکانی ؛ ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار و کار ئەم پرۆسەیە دەبینرێت. (نەرمین عومەر ئەحمەد: ٢٠١٠: ٥٤). سەرەڕای بەشە ئاخاوتنەکانی سەرەوە پرۆسەی لێکدان لە بەشە ئاخاوتنی (ژمارە)ش بەبەرهەمە و چەندین ژمارەی لێکدراو بەهۆی ئەم پرۆسەیەوە دروست بوون. بەم پێیە پرۆسەی لێکدان ڕێگایەکی هەرە چالاکی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگە لە دروستکردنی وشەی نوێدا.

مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی لە ڕووی پرۆسەی لێکدانەوە بەبەرهەمە و بەسەر هەموو بەشە ئاخاوتنەکانی، کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێدراوە؛ جێبەجێدەبێت و "لەیەکدانی ناوی لە زمانە گێرمانەکاندا بەبەرهەمترە وەک لە زمانە ڕۆمانییەکاندا، لە زمانی کوردی ئەمڕۆدا، لەیەکدان لە بواری ئاوەڵناویدا لە پێشترین

(موفەزەلتریین) چەشنی وشە دروستکردنە، بەڵام بێسنوور و بەبێ قەیدیش بەبەرهەم نییە". (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠: ٢٧٧). بەبەرهەمیی پرۆسەی لێکدان لە نێوان زمانە جیاوازەکاندا و لە خودی زمانێکیشدا ڕێژەییە، لە نێوان بەشە ئاخاوتنەکانی یەک زمانیشدا گۆڕانی بەسەردا دێت.

## ٢- جۆرەکانی وشەی لێکدراو لای (بیستۆ و سکالیس):

بەپێی دابەشکردنەکەی (بیستۆ و سکالیس) بۆ وشەی لێکدراو، دابەشکردنەکە ئەم جۆرە لێکدراوانە دەگرێتەوە وەک لە هێڵکاری ژمارە (١٠) دیارە.

### ٢-١) وشەی لێکدراوی هاوتا (coordinate compound):

ئەم چەشنە لێکدراوە پێکهاتەکانی بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەخرێتە پاڵیەکتری، لەم وشە لێکدراوەدا توخمی یەکەم نابێتە دیارخەری توخمی دووەم و بە پێچەوانەوەش، بەڵکو هەردوو توخمە پێکهێنەرەکەی وشە لێکدراوەکە هاوشانن.

هەندێک لە وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردی شوێنیان لەناو پۆلێنەکەی (بیستۆ و سکالیس) نابێتەوە هەرچەندە کەرتەکانیان بەهۆی مۆرفیمی لێکدەری /- و-/ خراونەتە پالیەکتری وەک وشەی لێکدراوی هاوتا خۆیان دەنوێنن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بنەمای هاوتابوونیان تێدا نییە، چونکە کەرتە پێکهێنەرەکانی ئەم جۆرە لێکدراوانە هەمان سەنگیان نییە و هاوشان نیین بۆ نموونە لە وشەکانی (گژوگیا، چڕوچاو، گورج و گۆڵ، تووندوتۆڵ،

تەختەومەختە،...) دەبینین کەرتە پێکهێنەرەکانیان هاوشان نیین و کەرتێکیان دوبارەبووەوەی وشەی دوای خۆی یان پێش خۆیەتی بە گۆڕانی دەنگی و واتادار نییە. چەند وشەیەکی تری لێکدراو بنەمای ئەوەیان تێدایە کە سەر بەزیاتر لە جۆرێک لە جۆرەکانی وشەی لێکدراو بن وەک (کشتوکاڵ، هاتوچۆ، گفتوگۆ، دەستوبرد،...) لە لایەک هەردوو کەرتە پێکهێنەرەکانیان لە پێکهێنانی وشەکەدا هاوشانن لە لایەکی ترەوە یەکێک یان هەردوو کەرتەپێکهێنەرەکانی (قەد یان ڕەگی کار)ن. ئەمەش وادەکات بنەمای وشەی لێکدراوی هاوتا و شوێنکەوتەییان تێدابێت بۆیە ناتوانن بچنە ناو هیچ کام لە جۆرەکانی وشەی لێکدراو، ئەگەرچی ئەم پۆلێنە بە شێوەیەکی گشتی لە پۆلێنە گونجاوەکانە بەڵام کەموکوڕی لەوەدایە کە ناتوانێ گشت وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردی لەخۆ بگرێت، چونکە هەموو زمانێک خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی خۆیەتی کە لە زمانانی دیکەی جودا دەکاتەوە.

## ٢-١-١) وشەی لێکدراوی هاوتای چەق ناوەکی:

ئەم جۆرە وشە لێکدراوە ئەوە نیشاندەدات کە هەردوو توخمە پێکهێنەرەکەی هاوشانن لە دیاریکردنی واتاکەیدا یان تێکەڵەیەکە لە هەردوو بنکەکەیدا. ( Lieber: ٢٠٠٩ :٤٧). بۆ نموونە ( producer_ director) بەشێوەیەکی یەکسان (بەرهەمهێنەر و دەرهێنەرە) واتە واتای هەردوو توخمەکە بەیەکسانی لەخۆ دەگرێت، بەهەمان شێوە وشەی لێکدراوی (poet_ painter)، (نیگارکێش و شاعیر) واتا هەردوو توخمەکە هەم نیگارکێش و هەم شاعیر دەگەیەنێت. وشەی لێکدراوی (کەڕوالاڵ) هەردوو جومگەکانی بەیەکسانی بەشدارن لە

بەرهەمهێنانی وشە لێکدراوەکە، "لەڕووی سیمانتیکییەوە دەتوانرێ ئەم جۆرە لێکدراوانە وادابنرێن کە دوو (سەرە) یان هەیە". (٣٢٧: Bisetto & Scalise:٢٠٠٥). واتە واتاکەیان تێکەڵەیەکە لە هەردوو کەرتە پێکهێنەرەکەیان.

## ٢-١-٢) وشەی لێکدراوی هاوتای چەق دەرەکی:

لە وشەی لێکدراوی هاوتای چەق دەرەکی توخمە پێکهێنەرەکانی "لەڕووی سینتاکسییەوە و بە سینتاکسی لە پەیوەندییەکی ڕێکخستن و گونجاندن لەگەڵ یەکتری دان و لەڕووی سیمانتیکییەوە هاونرخن و پێکەوە چشتێکی نوێ دروستدەکەن". (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠: ١٠٤). لێرەدا پەیوەندی دیارخەری لەنێوان کەرتە پێکهێنەرەکانی وشەی لێکدراوی هاوتا بەدی ناکرێت و جومگەکانی هاوتان، واتای وشە لێکدراوەکە دەکەوێتە دەرەوەی چەقی وشە لێکدراوەکە و بەجۆرێک واتاکەی لە هیچ کام لە توخمە پێکهێنەرەکانی بەدەست ناخرێت، بۆیە هیچ یەکێک لە توخمە پێکهێنەرەکانی وشەی لێکدراوی هاوتای چەق دەرەکی سەرە نانوێنن.

بەشێک لەم وشە لێکدراوانە کەرتەکانیان بەهۆی مۆرفیمی لێکدەری (و) لێکدەدرێن و بە (لێکدراوی بەستراو). (محەمەد مەعروف فەتاح : ٢٠١٠: ٢٧٥-٢٨٢). ناسراون. وەک:

زەردوسوور- (منداڵ)ە.

ڕەشوڕووت- (کەسی هەژار).

بەشـێکی تـر لەم لێکـدراوانە بە پرۆســەکانی دووبـارەکردنەوە دروستکراون بەشێوەی (ئاوەڵناو+ ئاوەڵناو یان ئاوەڵکار+ ئاوەڵکار و پەیوەندی (دیارخەر+دیارخراو)، (دیارخراو+دیارخەر) لەنێوانیاندانییە و لە بەهێزیـدا وەکیەکـن. (مـحەمەدی مەحـویی: ٢٠١٠: ٩٤-٩٧). بـۆ نموونە:

سوور سوور ← * سووری سوور.

خێراخێرا ← *خێرای خێرا.

ئەم جۆرە لێکدراوانە لێکدراوی هاوتای چەق دەرەکی ئەنوێنن و ئەشێ لێکدراوی هاوتا هەبێت و کەرتەکانی ڕاستەوخۆ کەوتبنە پاڵ - یەکتری و بەپرۆسەی دووبارەبوونەوەش دروستنەبووبن. بۆ نموونە ( تەورداس،کەرســەگ...). واتاکەیـان لەهــیچ کـام لە کەرتەکانیــان بەدەستناخرێت.

### ٢-٢) وشەی لێکدراوی دیارخەری (وەسفی) ( attributive compound):

لە لێکــدراوی دیــارخەری پەیوەنــدیی دیــارخەری لەنێــوان کەرتەکانی وشـە لێکدراوەکە بەدیدەکرێت. (( لێکدراوی دیـارخەری یـان بەهـۆی ناوێک و ئاوەڵناوێـک یـان بەهـۆی دوو نـاو پێکدێت)). (Bisetto & Scalise :٢٠٠٥: ٣٢٧). واتە کەرتێک ڕۆڵـی دیـارخەر و ئەویتریان ڕۆڵی دیارخراو دەبینێت، ئەمەش دەبێتە دوو جۆر:

## ٢-٢-١) وشەی لێکدراوی دیارخەری چەق ناوەکی:

ئەم جۆرە لێکدراوە پەیوەندیی دیارخەری لەنێوان کەرتەکانیدا هەیە، بەجۆرێک کەرتێکیان دەبێتە دیارخەر و ئەویتریان دەبێتە دیارخراو (مۆرفیمی بنجی) دەنوێنێ و دەبێتە سەرەی وشە لێکدراوەکە، چونکە دەتوانێ شوێنی هەموو ڕۆنانەکە بگرێتەوە، بۆیە ((توخمە ناسەرەییەکە وەکو دیارخەری سەرە خۆی دەنوێنێ)). (٤٧ :Lieber:٢٠٠٩). بۆ نموونە: (wind mill) ئاشی با کە جۆرێکە لە /mill/ و لێرەدا توخمی /wind/ دیارخەری توخمی /mill/ە واتە بەهۆی /wind/ جۆری /mill/ بەدەردەکەوێت کە (ئاشی با)یە، بەڵام لەوشەی لێکدراوی /mud well/ (تایەی لمی/، سەربەستین لە دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان دوو توخمی لێکدراوەکە بەهۆی هۆکاری پەیوەندیی نێوانیان لەهەندێ باردا بەشی یەکەم بەشی دووەم دیاری دەکات، بەڵام مەرج نییە ئەمە یاسایەکی دیاریکراو بێت لەڕوانگەی واتاسازی بەچەند شێوەیەک لەم وشەیە تێدەگەین وەک: ١- تایەیەک لەناو لم بەکاربێت. ٢- تایەیەک لەلم دروستکرابێت. ٣- تایەیەک بەلم ڕوو پۆشکرابێت...

بۆ نموونە لە وشەی لێکدراوی (داربەڕوو) توخمی (دار) دیارخراوە و توخمی (بەڕوو) دیارخەرە، لێرەدا وشەی دار دەتوانێت شوێنی هەموو ڕۆنانەکە بگرێتەوە، بۆیە (دار) سەرەی وشە لێکدراوەکە دەبێت و وشەی لێکدراوی (داربەڕوو) وشەی لێکدراوی دیارخەری چەق ناوەکی (سەرەسەرەتای) دەنوێنێ، کاتێک ئامرازی (ی) لەنێوان کەرتەکانی ئەم جۆرە لێکدراوە دادەنرێت و واتاکەی ڕووندەکاتەوە و دەیکات بەفرێز، وەک:

ناو+ناو (دارگوێز) ← (داری گوێز)= فرێز.

ناو+ئاوەڵناو (چاوڕەش) ← (چاوی ڕەش)=فرێز.

لە لێکدراوی تری دیارخەری کە بەشێوەی (دەرخەر+ /- -/ + دەرخراو) دروستبوون، وەک: (سوورەپیاز، پیرەژن،دوورە بەرد،...) کاتێک دیارخەر دەخرێتە دواوە و دەبنەوە فرێز (پیازی سوور، ژنی پیر،بەردی دوور). (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٢٨٠-٢٨١). لەم جۆرە لێکدراوانە کەرتی دووەم (سەر)ە دەنوێنێت و بریتین لەوشەی لێکدراوی دیارخەری چەق ناوەکی سەرە کۆتایی).

## ٢-٢-٢) وشەی لێکدراوی دیارخەری چەق دەرەکی:

ئەم جۆرە لێکدراوە لە بنەڕەتدا پەیوەندیی دیارخەری لەنێوان کەرتەکانی بەدیدەکرێت و "لەجۆری تەواو لێڵ و نادیار، پەیوەست بە جڵەوگرتنی سیمانتیکییەوە هەن، بەواتا کە//واتای ئاوێتە// لە هەردوو جومگەکە //یان واتای دەرەکی// وەردەگرن و هێمای نوێ دروستدەکەن،...، لێکدراوەکە بەگشتی ناگەڕێتەوە بۆ بەشێکی و پەیوەست نییە بە بەشێکییەوە". (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠: ١٠١-١٠٣). بۆ نموونە: (گۆشتپیس) کەسێکە برینی بەئاسان سارێژ نەبێت نەک (گۆشتی پیس)، (خەوخۆش)کەسێک بە قوڵی بخەوێت نەک (خەوی خۆش).

لێرەدا واتای وشە لێکدراوەکە بۆ هیچ کام لەدوو توخمە پێکهێنەرەکانی وشە لێکدراوەکە ناگەڕێتەوە و واتاکەی لەدەرەوەی چەقی وشە لێکدراودایە و لە واتای توخمە پێکهێنەرەکانی بە دەست

ناخرێت، بۆیە هیچ یەکێک لە پێکهێنەرەکانی وشە لێکدراوەکە (سەرە) پیشـان نـادەن، ئەم لێکـدراوانە لێکـدراوی دیـارخەری چەق دەرەکـی دەنوێنن.

### ٢-٣) وشەی لێکدراوی شوێنکەوتەیی (Subordinate compound):

لەم جۆرە لێکدراوەدا (پەیوەندی تەواوکەری لەنێوان دوو توخمە پێکهێنەرەکەی وشە لێکدراوەکە هەیە، بەجۆرێک یەکێک لە توخمەکان شوێنکەوتەی تـوخمەکەی تـرە. (٢٢٦: Bisetto & Scalise:٢٠٠٥). و ئەم جۆرە لێکدراوە بەپێی دەستکەوتنی واتـای وشـە لێکدراوەکە دەبێتە هەریەکە لە چەق ناوەکی و چەق دەرەکی.

### ٢-٣-١) وشەی لێکدراوی شوێنکەوتەیی چەق ناوەکی:

لەم جـۆرە لێکـدراوە توخمێـک شـوێنکەوتەی تـوخمەکەی تـرە، توخمە شوێنکەوتەکە ڕۆڵی بەرکار دەبینێت و تـوخمەکەی تـر ڕۆڵـی ســەرەکی دەبێــت کە لەم جــۆرە لێکــدراوە کــارە یــان لەکــار وەرگیـراوە.(٤٨- ٤٧: ٢٠٠٩ :Lieber). بـۆ نمـوونە: لەوشـەی لێکدراوی /track driver / (شـۆفێری قەلاب)، /taxi driver/ (شـۆفێری تەکســی)، هەریەکە لە (taxi ،track) بەڕوونــــی شــــوێنکەوتەی تــــوخمی لەکـارووەرگیراو (deverbal)ی /driver/ (شـۆفێر)ن کە لەکـاری /drive/ (لێخوڕین) هاتووە (سـەرچاوەی پێشـوو: هەمـان لاپەڕە). لەم چەشـنە لێکدراوە بەشی یەکەم بەرکارە و بەشـی دووەمـی لەکارەوە هـاتووە. ئەم جــۆرە لێکــدراوە ســەرە نیشــان‌دەدات و یەکێــک لە تــوخمە پێکهێنەرەکانی دەبێتە سەرەی وشـە لێکدراوەکە، کە هەمیشـە تـوخمە لەکارخراوەکە دەبێت، بۆ نموونە:

نان خواردن ← خواردنی نان جۆرێکە لە خواردن

دەستگرتن ← گرتنی دەست جۆرێکە لە گرتن

**٢-٣-٢) وشەی لێکدراوی شوێنکەوتەیی چەق دەرەکی:**

جۆرە لێکدراوێکە کە هیچ یەکێک لە توخمەکانی سەرە نانوێنن و ((ئەوانەن کە لەناوێک (بەرکار) و ڕەگی کار پێکهاتوون، ئەمانە بەوە جیادەکرێنەوە کە جگە لە واتای کار و ناوەکە واتایەکی زیادەشیان لە ئەنجامی لێکدانەکە پەیداکردووە)). (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٢٨١-٢٨٢). کە دەشێ بڵێین کارایە لەڕووی چەمکەوە نەک ئەرک بۆ نموونە:

کوتاڵفرۆش: کوتاڵ (ناو) + فرۆش (ڕەگی کار) واتە ئەو کەسەی کوتاڵ دەفرۆشێ.

وێنەگر: وێنە(ناو) + گر (ڕەگی کار) واتە ئەو کەسەی وێنە دەگرێ.

بۆ هەریەکە لە (سەرتاش، بلوێرژەن، پەنگرکێش...) بە هەمان شێوە دەبێت.

لێرەدا دەبینین واتای وشە لێکدراوەکە لە دەرەوەی چەقی وشەکەدایە، بۆیە کەرتەکانی ئەم لێکدراوە سەرە نانوێنن و واتای وشەکەش لە توخمە پێکهێنەرەکانی کۆنەبۆتەوە. وشەی لێکدراوی شوێنکەوتەیی سەرەڕای بوونی پەیوەندی تەواوکەری لە نێوان کەرتە پێکهێنەرەکانی هەمیشە یەکێک لە توخمە پێکهێنەرەکانی ڕەگی کار یان قەد یان چاوگ دەبێت و بەگشتی بەشی دووەمی


وشە لێکدراوەکە دەگرێت، وەک: (مارمژ، دەستکەوت، شینبوون...). محەمەدی مەحویی پێی وایە "هەمبەر بە قەدی کردار و ڕەگی کردار، کرداره ناویەکان بە جومگەیەکی ناوییەوە، تەرزی لێکدراو لە چەشنی /دەرخەر+دەرخراو/یان هەیە و یاسا ئاسا دەکرێت بە ئاوەڵفرێز". (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠: ٩١). واتە وشەی لێکدراوی شوێنکەوتەیی کە بەڕێگەی (ناو+چاوگ) دروستبوون پەیوەندیی دیارخەری لەنێوان توخمە پێکهێنەرەکانی هەیە، بەڵام بۆ وشەی لێکدراوی دروستبوو لەڕێگەی (ناو+ڕەگ)، (ناو+قەد) ئەمە دروست نییە، بۆ نموونە:

دەستبڕ ← * بڕی دەست.

پاشەکەوت ← * کەوتی پاش.

جوانبوون ← * بوونی جوان.

لێرەدا دەتوانرێت وشەلێکدراوەکان بەپێی بۆچوونی بیستۆو سکالیس لە شەش پۆل بخرێنەڕوو کە لەم هێلکاریەی خوارەوە دەردەکەوێت:




**هێلکاری ژمارە(١)جۆرەکانی وشەی لێکدراو بەپێی بۆچوونی بیستۆ و سکالیس**

## ٣- ئاماری جۆر و یاسای ڕۆنانی وشە لێکدراوەکان

وشە لێکدراوە بەکارهاتووەکان بۆ ئەم داتایە وەک کەرەستەی سەرەکی بریتییە لە وشە لێکدراوەکانی ناو (فەرهەنگی خاڵ) و بەشێکی تری کەرەستەکان لە سەرچاوە زمانەوانییەکانی زمانی کوردی وەرگیراون ، کە باسی لێکدان و وشەی لێکدراویان کردووە و وەک کەرەستەی پاڵپشت و تەواوکاری بۆ کەرەستەی(فەرهەنگی خاڵ) بەکارهاتوون،پێمان وابووە هەرچەندە داتا وەرگیراوەکە زۆرتربێت، ئەوا ئەنجامی زانستی تر پیشان دەدات.

هۆی هەڵبژاردنی (فەرهەنگی خاڵ) بۆ وەرگرتنی کەرەستە خاوەکان تیایدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە (فەرهەنگی خاڵ) چەند تایبەتمەندیەکی پەسەندکراوی تیادایە هیچ کام لە فەرهەنگەکانی تر کۆی ئەم تایبەتمەندیانە لەخۆ ناگرن وەک:

١_ یەكەم فەرهەنگی كوردی - كوردییە و تەواوكراوە.


٢_ یەكێكە لەو فەرهەنگانەی دەوڵەمەندە بە سەرە وشەو، فەرهەنگێكی گشتییە تایبەت نییە بە پسپۆرییەكی دیاریكراو.

٣_ فەرهەنگێكی خۆڕسكەو لەژێر كاریگەری فەرهەنگی تری كوردی نەنوسراوەو سەرە وشەكانی داتاشراو نین.

به هۆی تێدا بەرجەستە بوونی ئەم خاڵانە لە (فەرهەگی خاڵ) ئەم فەرهەنگە وەرگیراوە بۆ ئەوەی وشە لێكدراوەكانی لێوەربگیرێن و پاشان بەپێی پۆلێنەكەی بیستۆ و سكالیس بەسەر شەش جۆرەكەی وشەی لێكدراو دابەشكراون،یاسای ڕۆنانی جۆرەكانی وشە لێكدراوەكان دیاریكراوە و دواتر لە ڕێگەی وێنە ئامارییەكانەوە ڕادەی بەبەرهەمی جۆرەكانی وشەی لێكدراو و یاساكانی ڕۆنانیان خراوەتەڕوو.

## ٣-١- ڕێژەی بەبەرهەمیی وشەی لێكدراو بە پێی بۆچوونی بیستۆ و سكالیس لەزمانی كوردیدا

### ٣-١-١- ڕێژەی بەبەرهەمیی جۆرەکانی وشەی لێکدراو بە پێی بۆچوونی بیستۆ و سکالیس لەزمانی کوردیدا





وێنەی ژمارە (١)

وەک لەم وێنەیەدا دەردەکەوێت ڕێژەی وشەی لێکدراوی شوێنکەوتەیی نزیکەی نیوەی جۆرەکانی وشەی لێکدراوی پێکهێناوە کە ڕێژەکەی ٤٦٪ە و ژمارەی وشەکانی لە داتاکەدا بریتی بووە لە (٧٤١)وشەی لێکدراو ، لە دوای ئەودا وشەی لێکدراوی دیارخەری دێت کە ڕێژەی ٣٨٪ی وشە لێکدراوەکان لەخۆدەگرێت کە دەکاتە (٦١٦) وشە لە کۆی گشتی وشە لێکدراوەکان ، هەرچی وشە لێکدراوە هاوتاکانە کەمترین ڕێژەی وشە لێکدراوەکان پێکدەهێنێت کە بریتییە لە ١٦٪ی وشە لێکدراوەکان و (٢٥١)وشە لە خۆدەگرێت.لێرەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە وشەی لێکدراوی شوێنکەوتەیی لە ڕووی بەبەرهەمییەوە لە پلەی یەکەم دایەو

دوابەدوای ئەو وشەی لێکدراوی دیارخەری دێت لە پلەی دووەم و وشـــەی لێکـدراوی هاوتـــاش لە دوای هەردوو جـۆرەکەی دیـــکەی وشەی لێکدراو لە پلەی سێیەم دا دێت و ڕێژەی بەبەرهەمییەکەی لە نزمترین ئاستدایە.

### ٣-١-٢- ڕێژەی جۆرەکانی وشەی لێکدراو بە پێی چەقەکانیان





وێنەی ژمارە (٢)

وێـنـەی ژمـارە (٢) ڕێـژەی جۆرەکـانی وشــەی لێکـدراو بە پێـی چەقەکانیان بە پێی چەقەکانیان نیشاندەدات کە بـریتین لە هەریەکە لە وشە لێکدراوە چەقناوەکییەکان وشە لێکدراوە چەقدەرەکییەکان،وشـە لێکـــدراوە چەقـــدەرەکییەکان کە بـــریتین لە وشـــەی لێکـــدراوی شوێنکەوتەیی چەقدەرەکی،وشەی لێکدراوی دیارخەری چەقدەرەکی و وشـــەی لێکـدراوی هاوتـــای چەقـــدەرەکی ڕێـــژەی ٦١,٣٪ وشـــە

لێکـدراوەکان لە خـۆدەگرن و ژمـارەی وشــەکانیان (٩٨٦)وشــەیە، بەرامـبەر بە وشـە لێکـدراوە چەقناوەکییەکـان کە بـریتین لە وشـەی لێکدراوی شوێنکەوتەیی چەقناوەکی و وشـەی لێکدراوی دیارخەری چەقنـاوەکی و وشـەی لێکدراوی هاوتـای چەقنـاوەکی،ڕێژەی ٣٨,٧٪ وشــــە لێکــــدراوەکان لەخــــۆ دەگرن.ژمــــارەی وشــــەکانیان (٦٢٢) وشەیە،وەک دەردەکەوێت وشە لێکدراوە چەقدەرەکییەکان ڕێژەیەکی زیاتر لە وشە لێکدراوە چەقناوەکییەکان پێکدەهێنن.

### ٣-١-٢-١- ڕێژەی جۆرەکانی وشەی لێکدراوی شوێنکەوتەیی بەپێی چەقەکانیان





وێنەی ژمارە (٣)

وەک لە وێـنەی ژمـارە (٣) کە تـایبەتە بە ڕێـژەی جۆرەکـانی وشەی لێکدراوی شوێنکەوتەیی بە پێی چەقەکانیان دەردەکەوێت کە وشەی لێکدراوی شوێنکەوتەیی چەق دەرەکی٦٧,١٪ی وشە لێکدراوە شـوێنکەوتەییەکان لە خـۆ دەگرێـت کە دەکـاتە (٤٩٧) وشـە لە کـۆی وشـە لێکدراوە شـوێنکەوتەییەکان،دوابەدوای ئەوە وشـەی لێکدراوی

شوێنکەوتەی چەق ناوەکی دێت کە ڕێژەکەی ٣٢,٩ ٪ وشە لێکدراوە شوێنکەوتەییەکانەو (٢٤٤) وشە لە خۆ دەگرێت.بە پێی ڕێژەی سەدی و ژمارەی وشەکانی هەردوو جۆرەکە ڕووندەبێتەوە کە وشەی لێکدراوی شوێنکەوتەی چەق دەرەکی لە ڕووی بەبەرهەمی لە پلەی یەکەمدایەو زیاتر لە دوو ئەوەندەی وشەی لێکدراوی شوێنکەتەی چەق ناوەکی دەبێت.

### ١-٢-٢- ڕێژەی جۆرەکانی وشەی لێکدراوی دیارخەری بەپێی چەقەکانیان





وێنەی ژمارە (٤)

وەک لە وێنەی ژمارە (٤) دەردەکەوێت کە وشەی لێکدراوی دیارخەری چەق ناوەکی نزیکەی نیوەی وشە لێکدراوە دیارخەرییەکانی پێکهێناوە کە ڕێژەکەی ٥٠,٦٪و ژمارەی وشەکانی بریتی بووە لە(٣١٢)وشە لە کۆی وشە لێکدراوە دیارخەرییەکان، لە دوای ئەودا وشەی لێکدراوی دیارخەری چەق دەرەکی دێت کە ڕێژەکەی ٤٩,٤٪و ژمارەی وشەکانی بریتی بووە لە (٣٠٤) وشە ،

وەک لە وێنەکەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە لە ڕووی بەبەرهەمییەوە وشەی لێکدراوی دیارخەری چەق ناوەکی بە ڕێژەیەکی کەم لە پێش وشەی لێکدراوی دیارخەری چەق دەرەکی دایەو جیاوازیەکی ئەوتۆ لەم بارەیەوە نییە.

### ٣-١-٢-٣- ڕێژەی جۆرەکانی وشەی لێکدراوی هاوتا بەپێی چەقەکانیان





وێنەی ژمارە (٥)

وێنەی ژمارە (٥) کە تایبەتە بە ڕێژەی جۆرەکانی وشەی لێکدراوی هاوتا بە پێی چەقەکانیان لەم وێنەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە وشەی لێکدراوی هاوتای چەقدەرەکی زیاتر لە دوو ئەوەندەی وشەی لێکدراوی هاوتای چەقناوەکی پێکهێناوەو ڕێژەی ٧٣,٧٪ وشە لێکدراوە هاوتاکان لە خۆ دەگرێت و کە دەکاتە (١٨٥)وشە لە کۆی وشە لێکدراوە هاوتاکان هەرچی وشەی لێکدراوی هاوتای چەقناوەکیە ڕێژەکەی ٢٦,٣٪ەو (٦٦)وشە لە خۆ دەگرێت و ژمارەی

وشەکانی کەمترە لە نیوەی وشەی لێکدراوی هاوتای چەقدەرەکی و بەبەرهەمییەکەی لە پلەی دووەم دایە.

### ٣-١-٢-٤- ڕێژەی شەش جۆرەکەی وشەی لێکدراو بەپێی چەقەکانیان





وێنەی ژمارە (٦)

وەک دیارە وێنەی ژمارە (٦) ڕێژەی هەر شەش جۆرەکەی وشەی لێکدراو پیشان دەدات وشەی لێکدراوی شوێنکەوتەیی چەقدەرەکی ڕێژەی ٣٠,٩%ی وشە لێکدراوەکان لە خۆدەگرێت کە دەکاتە (٤٩٧) وشە لە کۆی وشە لێکدراوەکان و لە دوای ئەو وشەی لێکدراوی دیارخەری چەقناوەکی دێت کە ڕێژەی ١٩,٤٪ی وشە لێکدراوەکان دەگرێتەوە کە دەکاتە (٣١٢)وشە لە کۆی وشە لێکدراوەکان، هەرچی وشەی لێکدراوی دیارخەری چەقدەرەکیشە

ڕێژەی ١٨,٩٪ وشە لێکدراوەکان لە خۆدەگرێت و ژمارەی وشـەکانی بریتـی بـووە لە(٣٠٤) وشـه، وشـەی لێکـدراوی شـوێنکەوتەیی چەقنـاوەکی ڕێـژەی ١٥,٢٪ی وشـە لێکـدراوەکان دەگـرێتەوەو کـۆی وشـەکانی بریتـی بـووە لە (٢٤٤)وشـه، دوابەدوای ئەمەش وشـەی لێکدراوی هاوتای چەقدەرەکی ڕێژەی ١١,٦٪ی وشـە لێکدراوەکان لە خۆدەگرێـت و ژمـارەی وشـەکانی بریتـی بـووە لە (١٨٥)وشـه ،لە کۆتاییـدا وشـەی لێکـدراوی هاوتـایی چەقنـاوەکی بەڕێـژەی ٤,١٪ دەردەکەوێت و کەمترین وشە لێکدراوەکان لەخۆدەگرێت کە ژمارەی وشەکانی بریتی بووە لە (٦٦)وشە لە کۆی وشە لێکدراوەکان.

**٣-٢- ڕێژەی بەبەرهەمیی یاساکانی ڕۆنانی وشەی لێکدراو**

**٣-٢-١- ڕێژەی بەبەرهەمیی یاساکانی ڕۆنانی وشەی لێکدراوی شوێنکەوتەیی چەقناوەکی**





وێنەی ژمارە (٧)

وەک لەم وێنەیەدا دەردەکەوێت لە کۆی ژمارەی وشەکانی وشەی لێکدراوی شوێنکەوتەیی چەقناوەکی یاسای ژمارە (١) ڕێژەی ٩١,٣٩٪ی وشە لێکدراوە شوێنکەوتەیە چەقناوەکییەکان بەم یاسایە دروست بوون ژمارەی وشەکانی بریتی بووە لە (٢٢٣)وشەو بە پلەیەکی بەرز لە پێش یاساکانی تردایە، لە دوای ئەو یاسای ژمارە(٢) دێت کە ڕێژەی ٢,٤٦٪ی وشە لێکدراوەکان لەخۆ دەگرێت و ژمارەی وشەکانی (٦) وشەیە دوابەدوای ئەمەش یاسای ژمارە (٦) دێت کە بە ڕێژەی ١,٦٤٪ لە پلەی سێیەم دایەو ژمارەی وشەکانی (٤) وشەیە.

چەند یاسایەک هەیە کە بە ڕێژەی ٠,٤١٪ توانیویانە وشەی لێکدراوی شوێنکەوتەیی چەقناوەکی پێیانەوە دروست بێت کە بریتین لە یاساکانی ژمارە (٥)،(٧)،(٨)،(٩) کە ژمارەی وشەکانی هەریەکەیان

بریتییە لە (١) وشەو نزمترین ئاستیان هەیە لە ڕۆنانی ئەم جۆرەی وشەی لێکدراو.

### ٣-٢-٢- ڕێژەی بەبەرهەمیی یاساکانی ڕۆنانی وشەی لێکدراوی شوێنکەوتەییی چەقدەرەکی





وێنەی ژمارە (٨)

وێنەی ژمارە (٨) کە ڕێژەی بەبەرهەمی یاساکانی ڕۆنانی وشەی لێکدراوی شوێنکەوتەیی چەقدەرەکی پیشان دەدات، وەک لە وێنەکەدا دەردەکەوێت ڕۆنانی وشەکان بە پێی هەریاسایەک ڕێژەی جیاوازی هەیە ڕێژەی لە ٥٠,١٪ وشەی لێکدراوی شوێنکەوتەیی چەقدەرەکی بە پێی یاسای ژمارە(١١)دروست بوون کە ژمارەی وشەکانی (٢٤٩) وشەیە و لە ڕووی بەبەرهەمییەوە لە پلەی یەکەم دایە،لە دوای ئەوە یاسای ژمارە(٢٥) بە ڕێژەی ١٨,٩١٪ وشەی لێکدراوی شوێنکەوتەیی چەقدەرەکی پێدروست بووە و ژمارەی وشەکانی (٩٤)وشەیە، هەرچی یاسای ژمارە(١٢)شە بە ڕێژەی ٦,٤٤٪ ئەم جۆرەی وشەی لێکدراوی پێ دروست بووە و ژمارەی وشەکانی(٣٢) وشەیە.

جگە لەم یاسایانە کۆمەڵێک یاسامان هەیە کە نزمترین ئاستی بەبەرهەمییان هەیە و تەنها تاکە وشەیەک بە هەریەکێک لەم یاسایانە دروست بووە وەک یاساکانی ژمارە (١٧)،(١٨)،(٢٢)،(٢٣)،(٢٤)،(٢٨)، (٢٩)،(٣٠)،(٣١)،(٣٢)،(٣٣)،(٣٤)،(٣٦)،(٣٧)،(٣٨)،(٣٩)،(٤٣)،(٤٤)،(٤٥)،(٤٧ ،(٤٨)،(٤٩)،(٥٠)،(٥٢). هەریەکە لەم یاسایانە بەڕێژەی ٠,٢٠٪ دەرکەوتوون.

## ٣-٢-٣- ڕێژەی بەبەرهەمیی یاساکانی ڕۆنانی وشەی لێکدراوی دیارخەری چەقناوەکی





وێنەی ژمارە (٩)

وەک لە وێنەی ژمارە (٩)دا دەردەکەوێت یاسای ژمارە (٥٤) بە ڕێژەی ٣١,٤١٪ لە پلەی یەکەمدا دێت لەسەر ئاستی کۆی یاساکانی تر کە وشەی لێکدراوی دیارخەری چەقناوەکی پێدروست بووە،ئەو وشانەی بەم یاسایە دروست بوون بریتی بوون لە(٩٨)وشە بە دوای ئەوە یاسای ژمارە(٦٧) دێت کە ئاستی بەبەرهەمییەکەی لە پلەی دووەم دایە بە ڕێژەی ٢٤,٣٦٪ و ژمارەی وشەکانی (٧٦) وشەیەو یاسای ژمارە (٥٣)ش بە ڕێژەی ١٩,٥٥٪ لە ڕووی بەبەرهەمیەوە لە پلەی سێیەمدا دێت و ژمارەی وشەکانی (٦١)وشەیە.

لە دوای ئەم یاسایانە وەک دیارە کۆمەڵێک یاسا هەیە لە ڕووی بەبەرهەمی بەڕێژەی جیاواز دەردەکەون، جگە لەمانە چەند یاسایەکی تر هەن کە نزمترین ئاستی بەبەرهەمییان هەیە تا دەگاتە ئەوەی تەنها وشەیەک بەهەریەکە لەم یاسایانە دروست بووە کە بە ڕێژەی ٠,٣٢٪ دەردەکەون وەک یاساکانی ژمارە (٦٠)،(٦١)،(٦٣)،(٧٠)،(٧٢)،لە ڕووی بەبەرهەمییەوە نزمترین ئاستیان هەیە.

### ٣-٢-٤- ڕێژەی بەبەرهەمیی یاساکانی ڕۆنانی وشەی لێکدراوی دیارخەری چەقدەرەکی





وێنەی ژمارە (١٠)

وەک لە وێنەی ژمارە(١٠)دا دەردەکەوێت رێژەی بەبەرهەمی یاساکانی ڕۆنانی وشەی لێکدراوی دیارخەری چەقدەرەکی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

یاسای ژمارە(٧٥) لەڕووی بەبەرهەمیەوە بەڕێژەی ١٩,٠٨٪ دێت و ژمارەی ئەو وشانەی بەم یاسایە دروست بوون بریتیبوونە لە ( ٥٨ ) وشەو لە پلەی یەکەمدا دێت، دوای ئەو یاسای ژمارە(٧٦) ڕێژەی بەبەرهەمییەکەی ١٧,٤٣٪یە و لە ڕووی بەبەرهەمییەوە لە پلەی دووەم دا دێت و ژمارەی وشەکانی بەم یاسایە دروست بوون بریتی بووە لە( ٥٣ ) وشە لە کۆی وشە لێکدراوە دیارخەرییە چەقدەرەکییەکان،هەرچی یاساکانی ژمارە (٩٥)،(١٠٤)ن بە ڕێژەی یەکسان دەردەکەون و لە ڕووی بەبەرهەمییەوە لە پلەی سێیەمدا دێن و ڕێژەکەیان١٢,٥٪ە بە هەریەکێک لەم دوو یاسایە ( ٣٨ )وشەی لێکدراو دروست بووە.

دوابەدوای ئەم یاسایانە چەند یاسای تر هەیە کە بە ڕێژەی کەمتر لە هەر یەکێک لەم چوار یاسایەی سەرەوە وشەی لێکدراویان پێ بەرهەم هاتووە، لە دوای ئەمانەش چەند یاسایەکی تر هەیە کە کەمترین ئاستی بەبەرهەمییان هەیە بە بەراورد لەگەڵ یاساکانی تر کە شیانی ئەوەیان هەیە تەنها تاکە وشەیەکی لێکدراوی دیارخەری چەقدەرەکی بە هەر یەکێک لەم یاسایانە دروست بێت، وەک یاساکانی ژمارە (٨٢)، (٨٤)، (٨٥)، (٨٧)، (٨٨)، (٨٩)، (٩٣)، (٩٤)، (٩٨)، (٩٩)، (١٠٠)، (١٠١)، (١٠٢)،کە هەر یەکە لەم یاسایانە بە ڕێژەی ٠,٣٣٪ دەرکەوتوون.

### ٣-٢-٥- ڕێژەی بەبەرهەمیی یاساکانی ڕۆنانی وشەی لێکدراوی هاوتای چەقناوەکی





وێنەی ژمارە (١١)

وەک لەم وێــنەیەدا دەردەکەوێــت یاســای ژمــارە (١٠٩) بە ڕێــژەی٢٢,٧٣٪ بەبەرهەمتــرین یاســایە لە دروســتکردنی وشــەی هاوتــای چەقنــاوەکی و (١٥) وشــە بە پێــی ئەم یاســایە دروســت بــــوون.هەریەکە لە یاســــای (١٠٦) و یاســــای (١١٠) لەڕووی بەبەرهەمـیەوە بە ڕێژەی یەکسـان ١٩,٧٪ لە پلەی دووەم دا دێن و بەهەر یاسایەکیان (١٣) وشەی لێکدراو دروست بووە، یاسای ژمـارە (١١١) بە ڕێژەی ١٨,١٨٪ ئاستی بەبەرهەمییەکەی لە پلەی سێیەمدایە ژمــارەی وشــەکانی بریتــی بــووە لە (١٢) وشــە، دوابەدوای ئەم یاسایانە چەند یاسایەکی تر هەیە کە ئاستی بەبەرهەمییان لە پلەی کەمتـر دایە یاسـای ژمـارە (١٠٨)بە ڕێـژەی ١,٥٢٪ نزمتـرین ئاسـتی

بەبەرهەمـــی پیشـــان دەدات و یەک وشـــەی لێکـــدراوی هاوتـــای چەقناوەکی بەم یاسایە دروستبووە.

**٣-٢-٦- ڕێژەی** بەبەرهەمیی **یاساکانی ڕۆنانی وشەی لێکدراوی هاوتای چەقدەرەکی**




وێنەی ژمارە (١٢)

وێـنەی ژمـارە(١٢) کە ڕێـژەی بەبەرهەمـی یاسـاکانی ڕۆنـانی وشەی لێکدراوی هاوتای چەقدەرەکی پیشاندەدات لە کۆی یاساکان یاسـای ژمـارە (١١٦)لە ڕووی بەبەرهەمیـیەوە بە ڕێـژەی ٤٢,٧٪ بە بەراورد لەگەڵ ڕێـژەی یاسـاکانی تـر لە پـلەی یەکەم دایە ژمـارەی وشـەکانی بەم یاسـایە دروست بـوون بریتـی بـووە لە (٧٩)وشـە، لە دوای ئەوە یاسـای ژمـارە (١١٥) دێـت بە ڕێـژەی ١٦,٢٢٪ دەردەکەوێت و (٣٠) وشـەی لێکدراوی هاوتـای چەقدەرەکی بە پێی ئەم یاسـایە دروسـت بـوون و لە ڕووی بەبەرهەمیـیەوە لە پـلەی دووەم دا دێت. هەرچی یاسـای (١١٣)شـە ڕێژەی ١١,٨٩٪ ژمـارەی وشەکانی بریتی بووە لە (٢٢)وشەو لە پلەی سێیەمدا دێت.

جگە لە یاسـاکانی (١١٦) ،(١١٥)،(١١٣)،چەنـد یاسـایەکی تـر هەیە بە ڕێژەی جیاواز دەرکەوتوون و ئاستی بەبەرهەمییان لە هەر یەکە لەم سێ یاسایە کەمترە، چەند یاسایەکی تر هەیە کە نزمترین ئاستی بەبەرهەمییـان هەیە وەک یاسـاکانی ژمـارە (١١٨)،(١٢٠)،(١٢١)،(١٢٢)،(١٢٣)،(١٢٨)،(١٢٩)،(١٣١)،(١٣٢)،(١٣٣)،( ١٣٤)،کە هەر یەکەیـان ڕێـژەی ٠,٥٤٪ پیشـاندەدەن و یەک وشـەی لێکدراوی هاوتای چەقدەرەکی بە هەر یەکێکیان دروست بووە .

## ئەنجام

١- وشــە لێكـدراوەكان بەپێـی جۆرەكانیـان لەڕووی بەبەرهەمیـیەوە جیاوازیـان هەیە، وشــەی لێكـدراوی شـوێنكەوتەیی نـزیكەی نیـوەی ژمارەی وشـە لێكدراوەكان پێكدەهێنێت بە ڕێژەی ٤٦٪ بەرامبەر بە هەر یەكە لە وشەی لێكدراوی دیارخەری و وشـەی لێكدراوی هاوتـا كە بە ڕێژەی ٣٨٪، ١٦٪ دەردەكەون. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوەكە وشـەی لێكـدراوی شـوێنكەوتەیی كەرتەكـانی بە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ خـراونەتە پـاڵ یەكتـری و بەبێ هـیچ زیـادەیەک ئەمەش بـۆ ئـابوری زمانی دەگەڕێتەوە.

٢- وشــەی لێكـدراوی شــوێنكەوتەیی چەقـدەرەكی بەڕێـژەی ٦٧,١٪ دەردەكەوێــت و زیـــاتر لە دوو ئەوەنـــدەی وشـــەی لێكـــدراوی شوێنكەوتەی چەقناوەكییە كە ڕێژەكەی ٣٢,٩٪یە.

٣-وشەی لێكدراوی دیارخەری بە هەردوو جۆرەكەیەوە چەقنـاوەكی و چەقـــدەرەكی هەریەكەیـــان نـــزیكەی نیـــوەی وشـــە لێكـــدراوە دیارخەرییەكانیـان لەخـۆ گرتـووە بە ڕێـژەی ٥٠,٦٪ بەرانـبەر٤٩,٤٪ دەردەكەون.

٤- لە وشە لێكدراوە هاوتاكاندا وشەی لێكدراوی هاوتای چەقدەرەكی ڕێـژەی٧٣,٧٪ی وشــە لێكـدراوە هاوتاكـان لەخـۆ دەگرێت كە دەكـاتە نزیكەی سێ ئەوەندەی وشـە لێكدراوە هاوتـا چەقناوەكییەكان كە بە ڕێـژەی ٢٣,٦٪ دەردەكەون و لەڕووی بەبەرهەمیـیەوە جیـاوازییەكی زۆر لە نێوانیاندا هەیە.

٥- جۆرەکانی وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بەم ڕێژەییەی خوارەوە دەردەکەون بە جۆرێک وشەی لێکدراوی شوێنکەوتەیی چەقدەرەکی بەبەرهەمترینیانەو وشەی لێکدراوی هاوتای چەقناوەکی لەڕووی بەبەرهەمی لە نزمترین ئاستدایە.

| جۆرەکانی وشەی لێکدراو | ڕێژەی سەدی |
|---|---|
| شوێنکەوتەیی چەقدەرەکی | ٪٣٠,٩ |
| دیارخەری چەقناوەکی | ٪١٩,٤ |
| دیارخەری چەقدەرەکی | ٪١٨,٨ |
| شوێنکەوتەیی چەقناوەکی | ٪١٥,٢ |
| هاوتای چەقدەرەکی | ٪١١,٦ |
| هاوتای چەقناوەکی | ٪٤,١ |

٦- لەسەر ئاستی کۆی وشە لێکدراوەکان ، وشە لێکدراوە چەقدەرەکییەکان ڕێژەی ٦١,٣٪ کۆی وشە لێکدراوەکان لەخۆ دەگرن، بەرانبەر وشە لێکدراوە چەقناوەکییەکان کە ڕێژەی ٣٨,٧٪ی وشە لێکدراوەکان دەگرنەخۆ.

٧- بەبەرهەمی یاساکانی ڕۆنانی وشەی لێکدراو بە پێی جۆری وشە لێکدراوەکان بەم ڕێژانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

ا- وشەی لێکدراوی شوێنکەوتەیی:

١-لە وشەی لێکدراوی (شچن)دا، لە ڕووی بەبەرهەمییەوە یاسای ژمارە (١) لە پلەی یەکەمدا دێت بەڕێژەی٩١,٣٩٪، کۆمەڵێک یاسا هەن کە نزمترین ئاستی بەبەرهەمییان هەیەو بەڕێژەی ٠,٤١٪ دەردەکەون.

٢-لە وشەی لێکدراوی (شچد)دا، یاسای ژمارە (١١) بەڕێژەی ٥٠,١٪ دەردەکەوێت و بەبەرهەمترینی یاساکانە و چەند یاسایەک هەن کە بەڕێژەی ٠,٢٠٪ دەردەکەون و نزمترین ئاستی بەبەرهەمییان هەیە.

ب- وشەی لێکدراوی دیارخەری:

١-لە وشەی لێکدراوی (دچن)دا،یاسای ژمارە (٥٤) بە ڕێژەی ٣١,٤١٪ دەردەکەوێت، لە ڕووی بەبەرهەمییەوە لە پلەی یەکەمدایە، چەند یاسایەک نزمترین ئاستی بەبەرهەمییان هەیەو بە ڕێژەی ٠,٣٢٪ دەردەکەون.

٢- لە وشەی لێکدراوی (دچد)دا، یاسای ژمارە (٧٥) بە ڕێژەی ١٩,٠٨٪ لە پلەی یەکەمدا دێت لە ڕووی بەبەرهەمییەوەو کۆمەڵێک یاسا هەن بە ڕێژەی ٠,٣٣٪ دەردەکەون و کەمترین ئاستی بەبەرهەمییان هەیە.

پ_ وشەی لێکدراوی هاوتا:

١- له وشــه‌ی لێكـدراوی (هـاچن)دا، یاســای ژمـاره (١٠٩) له ڕووی بەبەرهەمیـیەوە له پـلەی یەكەمـدا دێـت بە ڕێـژەی ٢٢,٧٣٪، یاسـای ژماره (١٠٨) به ڕێژه‌ی ١,٥٢٪ كه‌مترین ئاستی به‌به‌رهه‌می هه‌یه‌.

٢- له وشــه‌ی لێكـدراوی (هاچـد)دا، یاسـای ژمـاره (١١٦) به ڕێـژه‌ی ٤٢,٧٪ ده‌رده‌كه‌وێـت و به‌رزتـرین ئاسـتی به‌به‌رهه‌مـی هه‌یه‌، چه‌نـد یاســایه‌ک نزمتـرین ئاسـتی به‌به‌رهه‌مییـان هه‌یه و به‌ڕێـژه‌ی٠,٥٤٪ ده‌رده‌كه‌ون.

٨- له‌ســه‌ر ئاسـتی ده له به‌به‌رهه‌مترین یاسـاكان له كۆی یاسـاكانی ڕۆنانی وشه‌ی لێكدراو یاسـای ژمـاره(١١_شـچد) به ڕێژه‌ی ١٥,٤٩٪ له پـله‌ی یه‌كه‌مـدا دێـت له ڕووی به‌به‌رهه‌میـیه‌وه و یاسـای ژمـاره (١_شچن) به ڕێژه‌ی ١٣,٨٧٪ له پله‌ی دووه‌مدا دێت، یاساكانی ژماره (١٠٤_دچد) و (٩٥_دچد) به‌ڕێژه‌ی ٢,٣٦٪ له كۆی یـازده یاسـاكه‌دا نزمترین ئاستی به‌به‌رهه‌مییان هه‌یه‌.

## سەرچاوەکان

- محەمەدی مەحویی(٢٠٠١)، زمان وزانسنی زمان، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.
- ___________ (٢٠١٠)، مۆرفۆلـــــۆژی و بەیەکـــــداچونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- مــحەمەد مەعــروف فەتــاح(٢٠١٠)، لێکۆڵینەوەزمانەوانییەکــان، کۆکردنەوەوئامــادەکردنی شــێروان حســێن خۆشــناو– شــێروان میرزاقادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- نەرمــین عــومەر ئەحــمەد(٢٠١٠)، بەبەرهەمــی لەمۆرفۆلــۆژیی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

## چاوپێکەوتن:

- م. عەلی حەمەد عوسمان، زانکۆی سۆران، ٢٠١٧/٥/١٦

## بەزمانی فارسی:

آزیتــا عباســی(١٣٨٤)،زایــایی ســاخت واژی،مجــله دانشــکده ادبیــات دانشگاه تهران.

## به زمانی ئینگلیزی:

- Bauer, L. (2001). Morphological productivity (Vol:95). Cambridge University Press.
- Bisetto, A., & Scalise, S. (2005). The classification of compounds. Lingue e linguaggio, 4(2), 319-332.
- Fasold, R. W., & Connor-Linton, J. (Cup). (2006). An introduction to language and linguistics. Cambridge University Press.

- Fromkin, V., Rodman, R., & Hyams, N. (2014). An introduction to language. 10th edition. Cengage Learning.
- Lieber, R. (2009). Introducing morphology. Cambridge University Press.

**ئەو سەرچاوانەی وشە لێکدراوەکانیان لێوەرگیراوە:**

- ئەورەحمانی حاجی مارف(٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، بەشی یەکەم(ناو)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- ________________ (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، بەشی سێیەم(ئاوەڵناو)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- ________________ (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، بەشی چوارەم(ژمارە و ئاوەڵکردار)،چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- بابا رەسول نوری(٢٠١٣)، پێکهاتەی ژمارە لە زمانی کوردیدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- تەوفیق وەهبی(١٩٢٩)، دەستووری زمانی کوردی، جیزمی یەکەم، چاپخانەی(دارالطباعةالحديثة)، بەغدا.
- دلێر صادق کانبی(٢٠١٥)، تیۆری بارگەخستن و ڕۆنانی ڕستە، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.
- ڕەفیق شوانی(٢٠١١)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- ڕۆژان نووری عەبدوڵلا(٢٠٠٦)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازیی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

-     شـێخ مـحەمەدی خـاڵ(٢٠٠٥)، فەرهەنگـی خـاڵ، چـاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
-     علـی رخـزادی(١٣٨٩)، ڕێزمـانی کـوردی سـۆرانی، چـاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان.
-     ک.ک.کوردۆییڤ(١٩٨٤)، ڕێزمانی کوردی بەکەرەستەی دیالێکتی کرمـانجی و سـۆرانی، وەرگێڕانـی کوردسـتان موکریـانی، چاپخـانەی الأدیب البغدادی، بەغداد.
-     لیـژنەی زمـان و زانسـتەکانی لەکـۆڕی زانیـاری کـورد(٢٠١١)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی،
-     چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
-     مـــحەمەدی مەحـــویی(٢٠١٠)، مۆرفۆلـــۆژی و بەیەکـــداچونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
-     مــحەمەد مەعــروف فەتــاح (٢٠١٠)،لێکۆلینەوەزمانەوانییەکــان، کۆکردنەوەوئامــادەکردنی شــێروان حســێن خۆشــناو– شــێروان میرزاقادر، چاپی یەکەم، چاپحانەی رۆژهەلات، هەولێر.
-     نـازەنین جەلال ئەحـمەد(٢٠٠٤ )، وشــەی لێکـدراو لە دیـالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی
-     کوردیـدا، نـامەی دکتـۆرا، کـۆلێجی پەروەردە– ئیـبن ڕوشـد، زانکۆی بەغدا.
-     نەســرین فەخــری وکوردســتان موکریــانی(١٩٨٢)، ریزمــانی کوردی، چاپخانەی زانکۆی
-     سەلاحەددین، هەولێر.
-     نـووری عەلـی ئەمـین (٢٠١٣)، رێزمـانی کـوردی، چـاپی سـێیەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

- يووسف شەريف سەعيد(٢٠١٣)، وشەسازى زمانى كوردى، بڵاوكراوەى ئەكاديمياى كوردى، چاپخانەى حاجى هاشم، هەولێر.

## ملخص

هذا البحث الموسوم بـ ((إنتاجية عملية التركيب في اللغة الكوردية))، يتناول مقدارية الانتاج في عملية التركيب، ويستعرض مقدار القواعد التركيبية للكلمة المركبة، فعلى الرغم من وجود مصادر لغوية كثيرة في اللغة الكوردية التي ذكرت فيها عملية التركيب والكلمة المركبة الاّ أننا لم نعثر فيها على ذكر انتاج أنواع الكلمة المركبة والقواعد التركيبية للكلمة المركبة، علماً بأن الكلمات المركبة تلعب دوراً مهماً وبمقدار كثير في اثراء المعجم الكوردي، ولبيان وتوضيح مقدار القواعد التركيبية للكلمة المركبة تم الاعتماد على المنهج الوصفي والاحصائي، ففي الاحصاء تم الاستفادة من برنامج (مايكروسوفت أكسل)، معتمداً من الناحية النظرية لتصنيف أنواع الكلمة المركبة على تصنيف (بيستو و سكاليس) وفي النهاية توصل البحث إلى نتائج لإظهار الفرق في مستوى الانتاج بين انواع الكلمة المركبة، وبين القواعد التركيبية للكلمة المركبة.

اشتمل البحث على مقدمة وثلاثة فصول وخاتمة وثبتاً بالمصادر التي استفدنا منها:

الفصل الأول: عنوانه (( الإنتاجية والقواعد التركيبية)) تم فيه توضيح الانتاجية كمصطلح في اللغة والمورفولوج والتركيب، وبالتالي إلقاء الضوء على أنواع المورفيمات وتصنيفها في اللغة الكوردية، وكذا القاء الضوء على عملية التركيب وعمليات أخرى لانتاج الكلمة.

الفصل الثاني : يتناول (( الكلمة المركبة وانواعها في اللغة الكوردية )) ؛ تعريفها، استعراض خصائصها، ويستعرض فيه ايضاً نوع الكلمة وتصنيفها من وجهة النظر اللغوي الأجنبي والكوردي، وحسب تصنيف

(بيستو و سكاليس) للكلمة المركبة تم فيه ذكر أنـواع كلمـة المركبـة فـي اللغـة الكوردية.

اما الفصـل الثالـث: فقد خُصـص لــ (إنتاجيـة القواعد التركيبيـة للكلمـات المركبة فـي اللغـة الكورديـة)، ويبحـث عـن الكلمـات المركبـة وتقسيمها علـى انواعها، وتوضيح القواعد التركيبية، وموضحاً فيه عن طريق الاحصاء فـي إنتاج مقدار الكلمات المركبـة وانواعهـا حسـب تصـنيف (بيسـتو و سـكاليس)، وانتاج مقدار القواعد التركيبية للكلمات المركبة.


**Abstract**

This study is entitled “The Productivity of Compounding Process in Kurdish Language”. The thesis is about productivity in the Compounding process in which the extent of productivity is manifested in the compound-word construction. Although the processes of Compounding and compound-words have been stated in Kurdish linguistic sources, the productivity in various compound-words and the rules for constructing the compound-words have not been explained in Kurdish Language. Furthermore, compound words play great roles in enriching Kurdish dictionaries. To show the productivity extent in the rules of constructing compound-words, the researcher has depended on descriptive and statistic methods. For the statistics, he has got benefit of Excel programme in Microsoft Programme. Besides, the researcher has made use of the Bisetto and Scalise classification to categorize various compound words. A number of results have been reached at to reveal the ratio of difference in productivity level among the kinds of compound words and among the rules of constructing compound words. A part from the introduction, results, and the utilized references, the present research is comprised of three sections.

The first section is about “productivity and word construction”, productivity as a concept and term, productivity in language, morphology, and compounding structures have been explained. Later, the types of morphemes and their categories in Kurdish Language are stated. Then, the light is shed on the processes of compounding and other processes in word construction in Kurdish Language.

The Second section talks about “Compound Words and their Types in Kurdish Language”. In this part, compound words have been introduced and then their features have been explained. The compound-word categorization has been stated according to foreign and Kurdish linguists. Thus, the sorts of compound words have been categorized in Kurdish Language on the basis of the Bisetto and Scalise classification.

The third section is assigned to “The Productivity of structural rules of compound words in Kurdish language”. The compound words have been categorized in terms of their types, and then their construction rules have been marked. After that, by means of statistics, their productivity and each types ratio of compound words according to the Bisetto and Scalise classification have been calculated. Finally, productivity extent and the ratio of word-compound construction rules have been indicated.